بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١١٩) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٨) لە ٢٠٢١/١٠/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ئەنجامدانی ئاسانکاریی تەواو و مۆڵەتدان بۆ ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە ئامادەن سووتەمەنی بە نرخی گونجاو هاوردەی هەرێم بکەن بە مەرجی پابەندبوون بە پێوەرەکانی کوالێتی سووتەمەنی هاوردەکراو لە ڕووی سەلامەتی و تەندروستیی گشتی هاووڵاتیان.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ چڕکردنی هەوڵەکانی و پەلەکردن لە گەیاندنی نەوتی سپی بە ناوچە شاخاوی و ساردەکان پێش هاتنی سەرمای زستان، و پەلەکردن لە دابەشکردنی ئەو نەوتە سپییەی ئێستا لە بەردەستی وەزارەتە و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کڕدراوە، ئەمە سەرەڕای هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی بۆ هەمان مەبەست.

٣. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆ پشتیوانیی دابینکردنی نەوتی سپی و بەنزین تا بە نرخێکی گونجاو بگاتە دەستی هاووڵاتییان.

٤. جەختکردنەوە لە هەرچی زوو کۆتایی پێهێنانی سووتاندن و بەفیڕۆدانی ئەو غازەی کە هاوەڵی نەوت لە کێڵگە نەوتییە بەرهەمهێنەرەکان دەردەچێت و پێویستە وەکو سەرچاوەی سووتەمەنی بەکاربهێنرێتەوە بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا.

٥. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران